## مالّی کورد لە تۆرۆنتۆ ڕێز لە بەهمەن قوبادی دەنێت..

بۆ رێز گرتن لە کاروبەرهەمەکانی دەرهێنەری ناسراوی کورد بەهمەنی قوبادی ئێوارەی 14/9/2006 مالّی کورد لەتۆرۆنتۆ کۆڕێکی تایبەتی رێکخست ، سەرەتا بەرێز د.فەرەیدوون رەحمانی بەرپرسی مالّی کورد لە پەیڤێکی کورتدا خۆشهاتنی لە کاك بەهمەن کردو کاروبەرهەمەکانیشی زۆر بەبەرزی نرخاند، پاشان قوبادی دەربارەی فیلمەکانی وبەتایبەتیش دوا فیلمی ((نیوە مانگ)) باسێکی پێشکەشکردو تیشکی خستە سەر ئەو ئاستەنگیانەش کە دێنە بەردەمی وداواشی لە حکومەتی کوردستان کرد کەبایەخ بە بنیاتنانی سینەمای کوردی بدات کە رۆلّێکی زۆر کاریگەری لە ناساندنی پرسی کورددا دەبێت، پاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی کاك بەهمەن کران و ئەویش بەرسڤی دانەوە، ئینجا بەرێز خالید مەجیدی جێگری بەرپرسی مالّی کورد بەناوی مالّی کوردو رەوەندی کوردی لە تۆرۆنتۆ دیارییەکی پێشکەش بە بەهمەنی قوبادی کرد ،کۆڕەکەش لەلایەن رۆژنامەنووس نورەدین وەیسی بەرێوەچوو.

جێگەی باسە لەچوارچێوەی فێستیڤالی فیلمی نێودەولەتی تۆرۆنتۆ فیلمی نیوە مانگ بە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆر سێ رۆژ نیشاندرا.





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com